DANSK FLYGTNINGE HJÆLP
Frivillig

Sorani

# دەتەوێت خۆبەخشێکت لەگەڵ بێت کاتێك دەچیت بۆ وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتدارێتییەکان؟

پەیوەندی بکە بەدەستەی هاونشینەکانی دی ئاڕ سییەوە و هاونشینێکی خۆبەخش لەگەڵ خۆت بەرە کاتێك دەچیت بۆ وتووێژ بۆ نموونە لە کۆمون، دامەزراوەی کاروباری بیانییان یان خانەی دادی خێزان.

هاونشینی خۆبەخش ئەو کەسەیە کە لەگەڵت دێت بۆ وتووێژ لای دەسەڵاتدارێتییەکان.
هاونشین لەماندا یارمەتیت دەدات:

- بەردەوامبوون لە تێگەیشتنی گشتیت بۆ قەزییەکەت
- گوێگرتن و بیستنی ئەوەی لە وتووێژەکەدا دەوترێت
- ئاراستەکردنی پرسیاری ڕوونکردنەوەخواز و وردکردنەوەخواز
- تێگەیشتن لەوەی وتووێژەکەو و ئەگەری هەر ئەنجامێك بۆ تو چی دەگەیەنێت

هاونشین موتەرجیم، پارێزەر یان نوێنەری لایەنێك نییە و تەنیا وەك پشتگیرێك بەشداری دەکات.

## چۆن هاونشینێکت بۆ دابین دەبێت؟

بۆ ئەم ناونیشانە بۆمان بنووسە bisidder@drc.ngo یان تەلەفون بکە بۆ +45 60268002. دەشکرێت فۆرمێك لەم سایتەدا پڕبکەیتەوە drc.ngo/frivillig/bisidder. هاتنی هاونشین لەگەڵت بێ بەرامبەرە!

هاونشینی خۆبەخش پابەندە بەئەرکی پاراستنی نهێنییەوە. هەر شتێك کە دەیدرکێنیت بەنهێنی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لەچوارچێوەی یاسادا.

DANSK FLYGTNINGE HJÆLP
Frivillig

Sorani

## هاونشینی خۆبەخش چۆن یارمەتیت دەدات؟

کاتێك ویستت هاونشینێکی خۆبەخش لەگەڵ خۆت بەریت بۆ وتووێژێك، تەلەفونمان بۆ بکە یان بۆمان بنووسە. وتووێژەکە دەشێت لە کۆمون، دامەزراوەی کاروباری بیانییان یان خانەی دادی خێزان بێت.

ئێمە هاونشینێکی خۆبەخش دەدۆزینەوە، کە بخوازێت یارمەتیت بدات. دوای ئەوەی تۆ پەیوەندیت پێوە کردین، ئەو کەسە لە ماوەی ١ تا ٣ ڕۆژدا پەیوەندیت پێوە دەکات. تۆو هاونشینەکە ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی کەی و لە کوێ یەکتری ببینن و خۆتان ئامادە بکەن بۆ وتووێژەکە لای دەسەڵاتدارێتییەکان.

کاتێك تۆو هاونشینەکە یەکتری دەبینن، بەو بەڵگەنامانەدا دەچنەوە کە پێتە. هاونشینەکە یارمەتیت دەدات لەوەدا کە بەباشی ئامادە بیت بۆ وتووێژەکە و هەموو بەڵگەنامە و فۆرمەکانت ئامادە بکەیت.

لەکاتی وتووێژەکەدا هاونشینەکە لەپەراوێزدا دەمێنێتەوە. پێویست دەکات تۆ خۆت لەبارەی قەزییەکەتەوە بدوێیت و وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە، کە دەکرێن. هاونشینەکە گوێ دەگرێت و تێبینی دەنووسێت و یارمەتیت دەدات لە کردنی ئەو پرسیارانەدا، کە دەخوازیت وەڵامەکانیانت دەست بکەوێت.

کاتێك کۆبوونەوەکە تەواو بوو، لەگەڵ هاونشینەکەدا قسە دەکەیت لەبارەی چۆنێتیی بەڕێوەچوونی وتووێژەکەوە و ئاخۆ پێویست دەکات لەوە بەدواوە چی بکرێت.

**پەیوەندیمان پێوە بکە!** بۆ bisidder@drc.ngo بنووسە یان تەلەفون بکە بۆ 60268002 45+